حووسیەکان بارەگای وەزارەتی بەرگری ئیسرائیل بە مووشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کردەتە ئامانج



هێزە چەکدارەکانی یەمەن ئەمڕۆ سەشەممە ڕایانگەیاند، کە بارەگای وەزارەتی بەرگری ئیسرائیل لە یافا بە مووشەکی بالستیی و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان کردەتە ئامانج.

وتەبێژی هێزە چەکدارەکانی یەمەن، عەمید یەحیا ساری دەڵێت: "ئێپێراسیۆنێکی سەربازیمان ئەنجامدا دژبە کە پێی دەگوترێت (وەزارەتی بەرگری) ئیسرائیلی دوژمن لە یافەی داگیرکراو بە مووشەکی بالستی فەڵەستین 2".

یەحیا ساری وتیشی: "ئەو مووشەکی بالستی کە وەزارەتی بەرگری دوژمنی کردە ئامانج گەیشتە ئامانجەکەی و سیستەمە ڕێگرەکانیش شکستیان هێنا لە بەرەنگاربوونەوەی و هاگرتنی".

وتەبێژی هێزە چەکدارەکانی یەمەن سەر بە حوسی گوتوویەتی: "ئێپێراسیۆنەکە بە بەئامانجکردنی یافەی داگیرکراو سێیەم ئێپێراسیۆنە لە ماوەی 12 کاتژمێری ڕابردوودا".